نۆینەرانی بەشدار لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی دەرەوەی وولات پەیامە سیاسی یەکانی کۆنفرانس
بۆ ئەندامانو دۆستانی حزب دەگیرنەوە!

ڕۆژی شەمە 28-1 ڕێکخراوی بەریتانیای حزب، لە لەندەن کۆبوونەوەیەکی لەگەل نۆینەرانی بەشدار لەکۆنفرانسی یەکەمی ڕێکخراوی دەرەوەی وولاتی حزب ڕێکخست. مەبەستی کۆبوونەوەکە قسەو باسکردن بوو لەسەر باسە سیاسی یەکانی کۆنفرانس و کاریگەریەکانی لەسەر ئایندەی کارو چالاکی یەکانی حزب لە دەرەوەو بە تایبەتی لەبەریتانیا .

سەرەتا دەشتی جەمال بەدوای بەخیر هاتنی ئامادەبووان ئەو قسەو باسانەی بەیاد هینایەوە کە پێش بەستنی کۆنفرانس لەگەل ڕێکخستنەکانی حزب لەسەر جیگاو ڕێگای و ئەهمیەتی سیاسی کۆنفراسی ڕێکخراوی دەرەوەی وولات باس کرابوو. پاشان هەریەك لە (ئاسۆ کەمال ، ئیبراهیم محمد، نادیە محمود، هۆزان محمود، محسن کریم و دەشتی جەمال) لە گۆشەیەکەی جیاوە ئاماژەیان بە باسو مەسەلەکانی کۆنفرانس کرد. مەسەلە تازەو گەرمەکانی پەیوەند بەئەوزاعی سیاسی عیراقو کوردستانو چاوەروانیەکان لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، مەسەلەی داگیرکاریو کۆنگرەی ئازادی عێراق، سەربەخۆیی کوردستانو کۆنگرەی ریفراندۆم، گرنگی کار لە دەرەوەی وولات و بەهیزکردنی و بیناکردنی حزبیکی سیاسی توندو تۆل لەدەرەوەی وولات کەهاوکات لەگەڵ خەباتی حیزب لە ناوخۆی وولات بتوانێ کۆڵەکەیەکی خەبات بێت لە پێناو سەرخستنی کۆمۆنیزمو رزگاری خەڵکی عێراقداو هەروەها هیزێکی چالاك بێت لە مەسائیلەکانی کۆمەڵگاکانی خۆشیاندا لە دەرەوەی وولات، کە لەمەسەلە گرنگەکانی کۆنفرانس بوون لەو کۆبوونەوەیەدا ڕوونکردنەوەی لەسەر درا.

هەروەها بایەخی بەستنی کۆنفرانس لەهەلومەرجی ئیستادا باس کرا کە بەدوای هەموو ئەو ئالووگۆرە سیاسیانەی لەعیراقدا پێش هاتووە، ئێمەش و ئەرکانمان لەدەرەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق تەنها ئومیدیکی رزگاریبەخشی کۆمەلگایە لەدەستی داگیرکاری و دەسەلاتی میلیشایی قەومی ئیسلامی و دارو دەستەکانیان. ئەرکی رزگارکردنی خەڵك لەم ڕۆژ رەشیەی ئێستا لە ئەستۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقە کە ئێستا کادرو هەڵسوڕاوانی لە ناوەوەی وولات لەریزی پێشەوەی بەرگری لەخواستە ئیسنانییەکانی خەڵکی عیراقو کوردستاندا وەستاون و دەستیان ناوەتە دەستی یەك بۆ ئالووگورێکی ریشەیی لە ژیانی خەڵكو ئەوەش ئەرکی هەڵسوڕاوانی ئەم حیزبەیە لە دەرەوەی وولات کە ئەم خەباتە لەدەرەوەو لەناو جالیەی عێراقیدا بەهێزو پتەو بکەنو بەخەباتی سەرتاسەری و جیهانی خەڵکی ئازادیخوازەوە گرێی بدەنەوە.

هاوکات بەشێکی تری قسەو باسەکان تەرخان کرا بۆ پرسیارو سەرنجی ئامادەبووان لەسەر ئەرکەکانو کارەکانی داهاتووی حزب لەدەرەوەی وولاتو جیگاو ڕێگای حزب لەناوەوەو کە لە لایەن هاوریانی بەشدار لەکۆنفرانس وەلام درایەوە. شایانی باسە کۆبوونەوەکە کراوە بوو بۆ دۆستانی حیزبیش، کە بە پرسیارو سەرنجەکانی خۆیان کۆبوونەوەکەیان گەرمتر کرد دوای نزیکەی بە 3 سەعات کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ هات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق \ڕێکخراوی بریتانیا

2006-1-29

www.wpiraq.net Tel:07734704742 d.jamal@ntlworld.com